


ڕزگار عبدالکریم

لەنێوان ئەگەری دیاری و نادیاریت دوو دڵت کردووم، هەست دەکەم وام لێ دەکەی زیاتر وزیاتر بەناخی خۆمدا بچمەوە
وەك ئەوەی بە تاوانبارم بزانیت، تا هەمیشە واتێبگەی
کەمن بەهیچ شتێك لەو گوناهە پاك نابمەوە کە من بەتاوانی نازانم، ڕەنگە زۆر هۆکار
بۆ ئەمە هەبن بەڵام هیچ کامیان بۆ من ناگاتە ئەوەی ئەوەی تێ بگەم (ئایا بۆ دەبێت
وا بێت؟) ئایابۆ دەبێت هەموو ئەوانە بەتەنها بەداخوازی تۆ بچنە پێشەوەو منیش وەك
تەماشاکەرێك حسابم بۆ بکرێت لەکاتێکدا بەشێکم لەپرۆسەیەکی هاوبەش. . یان نا بۆ
دەبێت هەرکات خۆت بەپێویستت زانی دەرکەویت؟. . بدوێیت؟. . ئاخر کەی بڕیار وابوو. . .
من ئەمشەو مەرگێگ لەدووری و تامەزرۆیت یەخەی گرتم وای لێ کردم کە ڕەنگە هەر
چۆنێك لێی بدوێم نەتوانێت وەك پێویست بگات ودواین خاڵی مەبەستم بپێکم، دڵنیام بۆ ئەوەش هەر هۆکەی تۆیت
کەکارێکی وات کردووە نەتوانم ئاسان بڕیار لەسەرهەموو
شتێك بدەم و هەمیشە ئاسانترین شت لات ئیحساساتێکی من بووە بۆیەکا کارێکی وات کردووە سەرەتاو کۆتایم لێ تێك
چووە! زۆرجار دەڵێم ئەم دیاری و نادیاری‌یە بەشێکە لە ئارەزوویەکی سەیر کە بەتەنها خۆی لێی تێ دەگات، دەشبێت
ئەمە سیمایەکی ئەسلی
تۆبێت کەدەمێك بێت من پێی ئاشنا نەبووم کە بۆ ئەمە ڕەنگە هەڵە کە لە منەوە بێت
هاوکات دەشبێت ئەمە بەشێك بێت لەپرۆسەیەکی بەردەوامی کەسایەتی‌یەکی شاراوە کە
بەدرێژویی مێژوویەك سیمایەکی تری بەخۆی دابێت. . ڕەنگیشە هەموو ئەمانە ئەم بارە
دەرونی‌یەی ئەمشەو دروستی کردبێت کاتێك هەست دەکەم تامەزرۆیی بانگم دەکات و منیش لەتەنهایەك زیاتر کەوەك
لەکاروان جێ ماوێك تەنهایی هیلاکی کردبێت هیچی ترم پێ ناکرێت جگە لەغەریبیت.
ئەشێ ئەمشەو لەهەموو شەوەکانی تر بۆ من جیاوازتر بێت، بەومانایەی ئەمشەو دوریت
بمدوێنێت. . وام لێ بکات لێت بپرسم (بۆچی نەتوانین لەچرکەکانی تامەزرۆی دا ئارامی
دڵ ڕابگرین و وەك پێویست ئەوەی پێویستە بکرێت؟) من گەلێ جار شتەکانم هێندە لە
بەردەم داخوازی‌یەکاندا ئاسان دەکرد کەهیچ شتێك نەبێت مانای موستەحیلی هەبێت،
وەلێ تۆ هەمیشە ژیانت لەمن کردۆتە تەونێکی جاڵجاڵۆکە وهێندە ئاڵۆز بۆئەوەی وام
تێ بگەیت کە نەتوانم بەرامبەر بە شتەکان ڕوبەڕوو ببمەوە، کەدیارە ئەوە هیچ کاتێك بۆچون و ڕوانینی من نی‌یە کەلە
ئاست پێویستی‌یەئینسانی یەکان بێ دەنگ بم و وەك
ئەوەی بێ باکبم مامەڵەی لەگەڵ بکەم. . هەرچۆنێك بێت ئێستا بۆ ئەم تامەزرۆیی دوری
یەمان لەیەك چیمان پێ دەکرێت بیکەین؟ هەر ئەوەشە خستومی‌یەتە حاڵێکەوە کە بە
هیچ جۆرێك شتەئاڵۆزەکانم بۆ لێك جودا ناکرێتەوە. . . .

25. 072003 هۆڵەندا

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.